## وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری

### ڕێنمایی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠٠٩

### دروست کـــــردنی رەز و بـــــاخ لە نـــاو دارســـــتانە سروشتییەکـــان

بە لەبەر چاوگرتنی دیاردەی دامەزراندنی رەز و باخ لە ناو دارستانە سروشتییەکان و بەمەبەستی رێکخستن و سـنوور دانـان بـۆ دیاردەکـە و پاراسـتنی دارسـتانە سروشـتییەکان و ژینگـەی کوردسـتان و بەرژەوەنـدی گـشتی ،بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەو ڕێنماییانە:

١. بەو پێیەی دارستانە سروشتییەکان لە روی چڕیەوە دابەش دەکرێن بۆ سێ جۆر « دارستانی ( چڕ ، نیوە چڕ ، بەربلاًو ( متفرقة ) ) »، تەنها رێگە دەدرێت بە دامەزراندنی رەز و باخ لە ناو دارستانی بەربلاًو ( متفرقة ) ، لە ناو دوو جۆرەکەی تر بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە.

٢. لە کاتی دامەزراندنی باخ و رەز لە ناو دارستانی بەربلاًو ( متفرقة ) دا تەنها رێگە دەدرێت بە هەڵپاچینی دارەکان بە شێوەیەکی زانستیانە. تەنها لە حالاتی زۆر پێویست دا نەبێت رێگە دەدرێت بە دەرهێنانی یان بڕینی ژمارەیەکی سنووردار و بەرتەسك.

٣. لـە کـاتی ئـەنجام دانـی پەیوەسـت بـە بڕیـاری ( ٣٩٥ ) ی سـاڵی ١٩٨٣« بەکرێـدانی ناوچـە شـاخاوی و بەردەلانەکان » مامەلەی لەگەڵ بکرێت.

٤. لـە بەرێوەبەرایـەتی گـشتی پارێزگاکـان (ب.زەوی و زار ، ب. رەزگـەری دارســـتان و لەوەرگـــاکان ) لێژنـەی پسپۆڕ پێك بهێنرێت بۆ جێ بەجێ کردنی ڕێنماییەکان.

٥. لێژنەی پێك هێنراو بەرپرسە لە جێ بەجێ کردنی ڕێنماییەکە وەك خۆی و خراپ بەکار نە هێنانی .

٦. بڕینەوە یان دەرهێنانی هەر درەختێك پێویستە بۆ راستاندنی بەرێوەبەری (رەزگەری دارستان و لەوەرگاکـان ) ی پارێزگا بێت.

٧. ئەم ڕێنماییانە لە رۆژی بلاًوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت.

**عبدالعزیز طیب**
**وەزیری کشتوکاڵ**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM